# لە کرانەوەی گرێکانەوە بۆ ئاسۆیەکی روونتر



✿ پاش ئەوەی هەندێک ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی کۆبوونەوەی پەرلەمان و یەکخستنەوەی ئیدارەدا هاتبوونە پێش و بە هەوڵی دڵسۆزانەی هەموو لایەک توانرا ئەو ئاستەنگانە چارەسەر بکرێن و ئەمڕۆ گەلی کورد لەبەردەم ناسکترین قۆناغدایە ئەویش قۆناغی دامەزراندنەوەی عێراق و نووسینەوەی دەستووری هەمیشەییە و ئەمانە گرنگترین خاڵی چارەنووسسازی گەلەکەمانن لەم قۆناغەدا، هەربۆیە سەرۆک بارزانی لەنامەیەکدا بۆ بەڕێز جەلال تاڵەبانی داوا دەکات پۆستی سەرۆکی هەرێم نەبێتە هۆکاری لەبیربردنەوە و وەلانانی مەسەلە چارەنووسسازەکان.

وەک دیارە لە ئەنجامی رێککەوتنی نێوان سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دیاریکردنی بەڕێز تاڵەبانی بۆ هەر پۆستێکی سیادی لەعێراقدا لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە و دواتر بە ئاکام گەیشتنی ئەو هەوڵە لەعێراقی نوێدا و هەروەها دیاریکردنی سەرۆک بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی کوردستان وەک مەرجەعییەتێکی باڵا و سەرچاوەی بڕیار لە کوردستاندا، لە کاتی هەر پاشگەزبوونەوەیەک لەلایەن لایەنی بەرامبەرەوە بۆ داواکانی کورد لەعێراقی داهاتوودا چونکە وەک دەردەکەوێت ئێستا هەندێک عەرەب خۆیان لەو رێککەوتننامە و پەیماننامە دەکشێننەوە بەتایبەتی مەسەلەی کەرکووک و فیدراڵیزم.


**بەدواداچوون: نامق هەورامی**

**namqharamy@hotmail.com**



**سەردانی تاڵەبانی بۆ سەلاحەدین**

پاش ئەوەی نامەکەی بارزانی گەیشتە تاڵەبانی و بۆ زیاتر لێکحاڵی بوون و چارەسەر و کردنەوەی گرێکوێرەکان و بۆ بەدەنگهاتنی ئەو مەترسییانەی کە سەرۆک بارزانی پێشبینی دەکات و تاڵەبانی لێ ئاگادارکردووەتەوە رۆژی ٢٨/٥/٢٠٠٥ بەرێز تاڵەبانی گەیشتە هاوینە هەواری سەلاحەدین و لەگەڵ سەرۆک بارزانیدا کۆبوویەوە بۆ گفتوگۆ لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی کورد لە ئایندەی عێراقدا و مەسەلەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و کۆبوونەوەی پەرلەمان دوو تەوەری ئەم سەردانە بوون کە بووبوونە مایەی نیگەرانی خەڵکی کوردستان.

ئەمە بویە سەرەتای هەنگاونانی جیدیتر بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو گرفتانە هەروەک چۆن ماوەیەک پێش ئێستە و لەکاتی سەردانی تاڵەبانیدا بۆ ئوردن، فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی لە لێدوانێکیدا گوتی هاتنی بەرێز مام جەلال دەبێتە هۆی یەکلاکردنەوەی کێشەکان.



هەر بۆ هەمان مەبەست شاندێکی مەکتەبی سیاسی پارتی سەردانی قەڵاچوالانیان کرد و لەلایەن سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە پێشوازی کران و رۆژی ٣١/٥/٢٠٠٥ لە هاوینە هەواری سەلاحەدینیش هەردوو مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوە و بەرێز سەرۆک بارزانی ئامادەی بەشێک لە دانیشتنەکان بوو. کۆبوونەوەکە نزیکەی ٣ کاتژمێری خایاند و پاشان بەرێزان فازل میرانی و کۆسرەت رەسول لەبەردەم رۆژنامەنووساندا هەندێک دڵنیاییان دایە جەماوەری کوردستان.



**هەندێک لە لێدوانەکانی کۆنگرە رۆژنامەوانییەکە.**

**- فازڵ میرانی:** لەسەر پێکهێنانی حکوومەت لەگەڵ یەکێتیدا پێک هاتووین.

- لەسەر یاسای سەرۆکی هەرێم (لە ئەلفەوە تاکو یا) رێککەوتووین.
- ئەگەر بزانین مەترسی لەسەر گەلەکەمان هەیە قەیرانەکان وەلاوە دەنێین.
- وەزارەتەکانی ناوخۆ و دارایی و پێشمەرگە لەدەست پارتی و یەکێتیدا دەبن چونکە ئەوان بەرامبەر بە ئایندەی کوردستان بەرپرسیاری سەرکین.

**کۆسرەت رەسوڵ:**

- زەمانەت یەکگرتووی خۆمانە وەکو کورد
- هەموو لەگەڵ ئەوەداین کاک مسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت.
- لایەنەکانی تریش وەزارەتی بەهێزیان دەبێت.

**کۆبوونەوەی پەرلەمان**

هەر لەمیانی دانیشتنەکاندا بریاردرا رۆژی شەممە ٤/٦/٢٠٠٥ پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستان پاش چوار مانگ لە هەڵبژاردنی کۆدەبێتەوە و سوێندی یاسایی دەخۆن.

لە کۆبوونەوەی یەکەمدا وێرای سوێند خواردنی ئەندامانی هەروەها بەرێز (عەدنان موفتی) وەک سەرۆکی پەرلەمان دیاری دەکرێت.

لەدانیشتنی دووەمدا هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێت.

لە دانیشتنی سێیەمدا پەرلەمانی کوردستان بەرێز نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی حکوومەت رادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی حکوومەت.

هەرچەندە نازانرێت ئاخۆ کورسییەکانی حکوومەت چۆن دابەش دەکرێن، بەڵام بەوپێیەی (٢٦) وەزارەت هەن لەوانەیە هەریەک لە پارتی و یەکێتی یەکێ ٨ وەزارەتیان بەر بکەوێت.

هەر لەم بارەیەوە یەکگرتووی ئیسلامی لە رێگەی محەمەد فەرەجی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو و ئەندامی پەرلەمانی کوردستانەوە رایگەیاند کە: کاتێک داوای سێ وەزارەتمان کرد حکوومەت بریتی بوو لە ١٧ وەزارەت، بەڵام حکوومەت بووەتە ٢٦ وەزارەت بۆیە داوای زیاتر دەکەین.

هەروەها ئەوەشی ئاشکرا کرد کە یەکگرتووی ئیسلامی داوای پۆستی سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەکات.



**نامەکەی تاڵەبانی بۆ بارزانی**

هەر لەم میانەدا و لەکاتی کۆبوونەوەکانی م.س. هەردوولادا کۆسرەت رەسوڵ نامەیەکی بەڕێز جەلال تاڵەبانی گەیاندە سەرۆک بارزانی و سەرۆک بارزانیش لە لێدوانێکیدا لەوبارەیوە گوتی: نامەکە بۆ ئەوەیە ٢٠٠٥/٦/١ سالیادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەشداری بکەم لەو یادەدا و منیش بە خۆشحاڵییەوە بەشداری ئەو یادە دەکەم.

**سەرۆک بارزانی ئامادەی ڕێورەسمی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمان دەبێت**

رۆژی ٢٠٠٥/٥/٣١ لە هاوینە هەواری دوکان و بە ئامادەبوونی سەرۆک بارزانی ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کردستان و لایەنە سیاسی و کوردستانییەکان ئاهەنگی ٣٠ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرایەوە.

ئەمەو لە نزیک بێستانە بەڕێز جەلال تاڵەبانی و ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی پێشوازیان لە سەرۆک بارزانی و وەفدە یاوەرەکەی کرد.

لە میانی ئاهەنگەکەدا بەڕێز تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە گەرمی بەخێرهاتنی میوانەکان و بەتایبەت سەرۆک بارزانی کرد و گوتی:

**هاتن و تەشریف هێنانی بۆ ئەم ئاهەنگە نەک هەر نیشانەی گەورەیی خۆیەتی و نەک هەر نیشانەی ئەوەیە کە سەرۆک هەرێمێکی باش و دادپەروەر دەبێت بەڵکو نیشانەی ئەوەشە کە هەستی نیشتمانی ئەو بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان هێزەکانی کوردستان بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆی لەو تەشریف هێنانەیدا دەبینێت، بۆیە بەناوی هەمووتانەوە زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی ئەو و هەموو هاوڕێکانی دەکەم، هیوای تەمەن درێژی و سەرکەوتنی بۆ دەکەم ئینشائەڵلا لەسەرکردایەتی کردنی هەرێمی کوردستاندا.**

**دەرەنجام**

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازییەکان رەنگدانەوەی سلبی دەبێت لەسەر دۆزەکەمان، هەر بۆ نموونە بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی (الحیاە) رۆژی ٢٠٠٥/٥/٣١ بڵاوبووەتەوە حسێن شەهرستانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق گومانی لەوە کردووە کە



کەرکووک شارێک بێت لە زۆرینەی کورد و بەشێک بێت لە کوردستان.

لەکاتێکدا ئەم مەسەلەیە پێشتر لە سەردەمی کابینەکەی عەللاویدا و دواتریش لە ڕێککەوتنی نێوان (لیستی کوردستانی) و (لیستی یەکگرتووی شیعە) دا لەسەری ڕێککەوتوون.

شەهرستانی ئەوەشی رەد کردەوە کە دانیشتووانی کەرکووک دەنگ بۆ گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بدەن. هەروەها گوتی: بۆ هیچ لایەنێک نییە کە هیچ کەس لە دانیشتووانی کەرکووک دەربکات.

لەلای خۆیەوە فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو لێدوانانەی رەد کردەوە و گوتی: گوتاری کورد لەمەڕ کەرکووکەوە گوتارێکی یەکگرتوو و هیچ سازشێک لەسەر کەرکووک نییە.

میرانی دووپاتی کردەوە هەر پاشگەزبوونەوەیەک لەوبابەتەوە بکرێت کە لەگەڵ هاوپەیمانییەتی شیعەدا لەسەری ڕێککەوتووین ئەوا کەرکووک خاڵی گەرموگوڕی گفتوگۆ و دانووستانەکانی دەستووری هەمیشەیی دەبێت و لەوانەیە مەسەلەی نووسینەوەی دەستوور دوا بکەوێت گەر ئەوان نەیانەوێت کێشەی کەرکووک بە پێی ڕێککەوتنی نێوانمان چارەسەر بکرێت.

هەست کردن بەم مەترسییەوە لەلایەن خودی سەرۆک بارزانییەوە وایکرد لە نامەیەکدا بۆ ڕێزدار تاڵەبانی بنووسێت (با مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دوا بخرێت و نەکرێتە کێشە و گرفت لەبەردەم مەسەلە چارەنووسسازەکاندا). ■